# حوكمی كڕین وفرۆشتن لەڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە

# حكم البيع عن طريق شبكة الإنترنت

< كوردی - كردي - kurdish >


عەبدوالله كوڕی عبدالرحمن ی الجبرين

عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين



وەرگێرانی: دەستەی بەشی كوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# حوکمی کڕین وفرۆشتن لەڕێگای تۆڕی ئینتەرنێتەوە

**ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد الله ی کوڕی عبد الرحمن ی الجبرین کراوە :**

**پرسیار :** لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بەچەند شێوەیەك کڕین وفرۆشتن ئەنجام دەدرێت، ئایا حوکمی شەرعی ئەم مەسئەلەیە چیە ؟ بۆمان ڕوون بکەنەوە خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

لە مەرجەکانی کڕین وفرۆشتن ئەوەیە : کە نرخی کاڵا دیاری بێت، لەگەڵ دیاری کردنی کاڵای فرۆشراو، تاوەکو ئەو نادیاری وناڕوونیەی لەسەر پارە و کاڵاکە هەیە نەمێنێت، چونکە نادیاری وناڕوونی هۆکارێکە بۆ دروست بوونی ناکۆکی کە شوێنەواری دیاری هەیە لەسەر دروست بوونی دوژمنایەتی لە نێوان موسڵمان ولەیەك دووریی ولەیەك دابڕان وپشت لەیەکترکردن، کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە وخەڵکی لێ ئاگادارکردوەتەوە .

چونکە ناسین ودیاربوونی کاڵا خۆی لەخۆیدا لەسەر بینین یان ڕوونکردنەوەی صیفاتەکانی وەستاوە، بۆیە من وای دەبینم ئەمەش ڕوون نابێتەوە تاوەکو یەکتربینین و قەسەکردن لەگەڵ یەکتری وبینینی کاڵای فرۆشراو وزانینی سوود وقازانج و جۆرەکەشی دیار نەبێت، ئەم کردار وپرۆسەیەش تەنها بەرێگای شاشە یان تەلەفون وهۆکارەکانی پەیوەندی کردنی تر نایەتەدی، چونکە زۆر جار کەمتەرخەمی دەکرێت لە ڕوونکردنەوەی جۆری کاڵاکان، یان زیادەڕی دەکرێت لە لە وەصف و ثەنایدا هەروەك چۆن لە زۆربەی ئەو ڕیکلام و بانگەشانەی کە لەڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانەوە ئەنجام دەردێت بەدی دەکرێت، ئەویش کاتێك بەدەردەکەوێت کە کەسی کڕیار ئەو کاڵایە بەکاردەهێنێت و بۆی دەردەکەوێت کە بەو شێوەیە دەرنەچوو کە ڕیکلامی بۆ دەکرا.

بەهەر جۆرێك بێت : ئەگەر هاتوو مەرجی بەیان وڕوونکردنەوە بەدی هات، لەگەڵ زانینی بڕی پارە و ناسینی کاڵاکە، بەشێوەیەك هەرچی ناڕوونی ونادیاری هەیە لابرا، ئەو کاتە دروستە لەڕێگای تەلەفۆن وشاشەکان و ئینتەرنێت وهۆکارەکانی تری پەیوەندی کردن کڕین وفرۆشتن ئەنجام بدرێت، کە بەهۆیانەوە لەم

بوارەدا سوودی لێ ببینرێت بۆ ئەم مەسئەلەیە، وە مرۆڤ دڵنیا بکاتەوە لە دوورکەوتنەوە لە لایەنی خراپی ونادیاری و فێڵ کردن ودەستخستنی بەرژەوەندی ومالٚ پەیداکردن لەڕێگای ناشەرعیەوە، بۆیە ئەگەر یەکێك لەم مەترسیانە ڕوویدا ئەوا دروست نیە لەرێگای ئەو هۆرکارانەی کە ئاماژەمان پێدا کڕین وفرۆشتن ئەنجام بدرێت، بۆیە دەبینین چەندان کەسی سەرمایەدار بەم هۆیەوە تووشی زەرەو وزیانێکی زۆر و مایەپووچ بوون بوونەتەوە کە پاشتر ناکۆکی ودەنگە دەنگ لەنێوانیاندا ڕوویداوە، و دواتریش دادەوەر و قازی وحکومەتیشیان بەخۆیانەوە سەرقالٚ کردووە .

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : پەرتووکی فەتواکانی زانایانی بەلەدولحەرام، لاپەڕە 711

المصدر : كتاب فتاوى علماء البلد الحرام، ص 711.